**وەزارەتــی داد**
**بەڕێـوەبـــەرایـەتی دادی گـشـــتــی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە دادی و یاساییەکان**
**مێـــژوو : ٢٠٠٣/٢/١٧**

## بـــەیـــــان ژمـــارە (١)

پاڵپشت بەبڕیـاری سەرۆکـایەتی ئەنجـومـەنـی وەزیــران ژمارە (٣٧٢) لە ڕێکـەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٠ و بـەپێـی ئـەو دەسـەڵاتـەی ( مـاددەی هـەژدە) لـە یـاسـای دەسـەڵاتــی دادوەری ژمـارە (١٤) ی ساڵـی ١٩٩٢ پێـمـانـی داوە ، بڕیارماندا : ــ

١) سـنوری دەسـەڵاتی (دادگـای بـەرایی بنەسـلاوە) فـــراوان بکرێــت و سـەرجەم ئـەو شوێنانـــە بگرێتـەوە کـــە دەکەونە ناو سنوری ئیداری قەزای دەشتی هەولێر .
٢) ناوی دادگای بەرایی بنـەســــلاوە بگـــۆڕدرێت و بکرێتە ( دادگـای بـەرایی دەشتی هەولێر) .

**هـــادی علـی**
**وەزیـــــری داد**

---

**وەزارەتــی داد**
**بەڕێـوەبـــەرایـەتی دادی گـشـــتــی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە دادی و یاساییەکان**
**مێـــژوو : ٢٠٠٣/٢/١٧**

## بـــەیـــــان ژمـــارە (٢)

پـاڵپشــت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧٢) لـە ڕێکـەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٠ و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی ( ماددەی حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢) ی ساڵی ١٩٩٢ پێمانی داوە ، بڕیارماندا : ــ

١) سنوری کارکردنی( تێبینەرایەتی تۆمارگـەی خانووبـەرەی بنەسلاوە) فـراوان بکـرێت و سـەرجـەم ئـەو شـوێنانە بگرێتەوە کە دەکەونە ناو سنوری ئیداری قەزای دەشتی هەولێر .
٢) نـــاوی تێبـیـنـــەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی بنەسلاوە بگۆردرێـت و بکرێتە ( تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر) .

**هـــادی علـی**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com